# ئەوانی تر ...
# قەدەغەبوونی ئۆپۆزسیۆن و رۆمانسیەتی ناسیونالیزم

**سمکۆ محەمەد**



بەمێژووی هەر حیزب و حکومەتێکی دەسەڵاتداردا بچینەوە, پێشتر ئۆپۆزسیۆنی یەکێك لەسیستمەکانی حوکمڕانی بووە, سابا ئەو ئۆپۆزسیۆنە هەر جۆرە ستراتیژێکی هەبوو بێت, یاخود هەر جۆرە میکانیزمێکی شارستانی یان چەکداری هەڵبژاردبێ, بانگەشەی نەتەوەخوازی و نیشتیمانی, یان عەدالەتی کۆمەڵایەتی, یان هەر جۆرە کێبەرکێەکی سیاسی کردووە لەنێو یەك قەوارەدا, ئیدی لەژێر پەراوێزی ئەم زاراوەیەدا کەگروپی سیاسی دەرەوەی دەسەڵات و حکومەتەکان مومارەسەی دەکەن, یان لەژێر ناوی ئەوانی تردا, هەم شەرعیەتی داوە بەگروپی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی, هەم ترس و دڵەراوکێی خستۆتە نێو دڵی هەرچی دەسەڵات دونیا هەیە, ترسێك کەزیاتر لەکێشمەکێشی سیاسیدا هەم لەنێوەڕۆکی دەسەڵات چاکتر دەبینرێت, هەمیش ئامانج لەئۆپۆزسیۆن بوون دەردەکەوێت, مەبەستم لەوەیە هەر دەسەڵات و حکومەتێك کەبانگەشەی دیموکراسی بوون و قەبوڵی جیاوازی دەکات, تائەو جێگەیەیە کەفکری ئۆپۆزسیۆن چەکەرە دەکات و جەستەی دەردەکەوێت, تائەو جێگەیەیە کەناڕەزایەتی لەدەسەڵات دەبنە دروشم و دەچنە سەرجادە, ئەم پێشەکیە بەدوو جۆر گروپی ئۆپۆزسیۆنی و دووجۆر دیمەنمان ئاشنا دەکات, ئۆپۆزسیۆنی پۆزەتیف, ئۆپۆزسیۆنی نیگەتیف..

**ئۆپۆزسیۆنی پۆزەتیف**: ئەم ئۆپۆزسیۆنە بەلەر چاوگرتنی ئەوەی سیستمی نوێی دەسەڵاتدارێتی خولقاندوویەتی و کردوویەتی بەمۆدێل, لەپەنا جیاوازیە راستەقینەکاندا, سیناریۆی جۆراو جۆری لەسەر شانۆی سیاسی دروست کردووە, ئیدی دەسەڵات بەم جۆرە ئۆپۆزسیۆنە دلگران نیە, چونکە تەنها یەك مەهامی هەیە کەپایەی دەسەڵات قایم تر بکات, ئەم جۆرە ئۆپۆزسیۆنە گروپێکی ریفۆڕمخواز پێشڕەوایەتی دەکات, چونکە گروپێکی هەلپەرستە و فریودەری خەڵکە, خاڵی هاوبەشی لەگەڵ دەسەڵات و حکومەتدا هەیە, بەلەبەر چاوگرتنی جوگرافیا و کێشە سیاسیەکان, پشت بەدەستەبژێرێك دەبەستێ کەبەناوی نیشتیمان پەروەریەوە, بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی مانەوەی دەسەڵاتدا گرێدەدات, فۆڕمێکە بۆشەرعیەت پێدان بەمانەوەی دەسەڵات و دەوڵەت, هیچ تموحێکی نیە لەسەروژێر کردنی ئەو سیستمەی کەدەوڵەت بەڕێوە دەبات, بەڵام میکانیزمی بەڕێوەبەردنی لەلا پەسەند نیە, رەنگە هەندێ جار ئەوەندەی چوونە نێو بازنە و ئۆرگانەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتیان لەلا باشتر بێت, ئەوەندە بیر لەوە ناکەنەوە کەلەدەرەوەی دەسەڵات کاربکەن و رەخنە بگرن, یان حیزبی ئاشتی پەروەر دروست بکەن, نموونەش (حیزبی شەغیلەی ئوردن, حیزبی نیشتمانی میسری, گروپی 8 شوباتی لوبنانی و پارتە سەوز و سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا) کەنزیکترین نمونەنەی دیارن و هیچ ئیعتیبارێکی سیاسیان نیە و ناکرێ بەئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات ناوببرێن, هەروەك چۆن خەڵکی ناڕازی و چینی ژێر دەست بڕوایان پێناکەن, تائەو جێگەیەی کەلەپرۆسەی دەنگدانیشدا موقاتەعەیان دەکەن, کەوابوو ئەو گروپانەی کەهاوشێوە لەستایلی ئەو حیزبانە بەناو سیاسەت دەکەن, نەك هەر جێگەی مەترسی نین بۆدەسەڵات, بگرە دانوستانیشیان لەتەکدا دەکرێت, تائەو جێگەیەی بەناوی یاسای حیزبیەوە کەلەپارلەماندا هەیە هاوکاری و کۆمەکیش دەکرێن, یاخود رێگەیان پێدەدرێت کەلەنێو ئۆرگان و پۆستی حوکمڕانیدا جێگەیان ببێتەوە, یەعنی بۆ ئەم گروپە تائەو جێگەیە دیمەنەکانی نمایش دەکات کەبتوانێ کاریگەری لەسەر

حکومەت هەبێ, ئیدی کەڵك لەو خەڵکانە وەردەگرن کەپاڵپشتیان دەکەن, لەوەبەولاوە هەرجۆرە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانێك بۆبەدەستهێنانی مافە مەدەنیەکان, یاخوود هەرجۆرە ناڕەزایی دەربڕینێك لەبەرامبەر ئەدائی سیاسی دەسەڵات, لەفکری ئەو گروپەدا کارێکی ناڕەواو ئەنارشیستیە, ئەنارشیزمیش لەبۆچوونی سیستمی سیاسی نوێدا, جۆرە راگەیاندنێکی دوژمنکارانەی دەوڵەتە, چونکە نزیك بوونەوەیە لەهێڵە سورەکان, هەڵبەت بەزاندنی هێڵی سووریش مەترسیە بۆسەر بەرژەوەندیە جیاوازەکانی دەسەڵات, ئەم نمونە بەناو ئۆپۆزسیۆنەیە کەلەکوردستاندا رووبەڕێکیکی پان و بەرینیان داگیر کردووە, تائەو جێگەیەی بۆرای گشتی دەرەوەی کوردستان, موناقەشەی بۆ بوونی جیاوازی سیاسی لاواز کردووە کەلەبەشەکانی تردا قسەی لێدەکەین.

**ئۆپۆزسیۆنی نیگەتیڤ**: گروپێکی سیاسی ئەکتیڤە, باشتر بڵێم خاوەن ستراتیژێکی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کولتووریە, ئەلتەرناتیڤێکی تری هەیە بۆبەڕێوەبردنی حکومەت و یاسادانان, ئەم گروپە هەڵگری دروشمێکە کەسەراسەری سیستمی حوکمڕانی لاپەسەندنیە, هیچکات بیر لەڕیفۆرم ناکاتەوە کەلەسەر وردەکاری بەڕێوەبردن و ئۆرگانەکانی حکومەت کاربکات, بەپێچەوانەوە کار لەسەر رووبەڕی کۆمەڵگە دەکات و پشت بەوماتریالە بەشەریە دەبەستێ کەبەسەر چینەکاندا دابەش بوون, بۆیە شارستانی ترین و دیموکراسی ترین دەسەڵات لەم جۆرە ئۆپۆزسیۆنە دەترسێ, چونکە خاوەنی ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی و ئابوری جیاوازترە لەسیستمی دەسەڵاتدارێتی حکومەت, هەڵگری ئەو داخوازیانەیە کەخەڵکی لێ مەحروم کراوە, ئەم گروپە وردبینتر لەخەڵکی عەوام و کلاسیکی تەماشای سیاسەت دەکەن, بەومانایەی دەستەبژێرێکن ئامادە نین لەنێو سالۆنی سیاسیدا چاوەڕوانی قەدەر بکەن, بەپێچەوانەوە ئەم گروپە چاوی بڕیوەتە قودرەت و ئیرادەی ئەو توێژانەی کەتوانای ئەوەیان هەیە, فشار بخەنە سەر دەسەڵات و ئیفلیج کردنی ئەو ئۆرگانانەی کەدەستکردی دەسەڵاتن, ئیدی دامودەزگای حکومی یان زانکۆ و کارخانە بێت, یان ئەو رۆشنبیرانە بن کەکار لەسەر کولتوری کۆمەڵگە دەکەن, کولتوورێك کەجۆرە دەسەڵاتێکە لەژێرەوە دێت و هاوکاری دەوڵەت دەکات, هەر ئەم بیانووەشە کەدەسەڵات و حکومەت بەیاسای حیزبیەت رێگەیان لێدەگرن, یاخوود پێناسەی نالۆژیکیان بۆدادەتاشن, داتاشینی پێناسەی نالۆژیکیش یەعنی لێدان لەئۆتۆریتەی جەماوەریان لەلایەك, ناشرین کردنی ئەو دروشمانەش کەلەئیدیۆلۆژیا ئۆپۆزسیۆنەکان لەلایەکی تر, ئیدی بەگوێرەی ئەو گشتاندنەی کەبەسەر کۆمەڵگەدا پەخش دەکرێت, هەر لەوێشەوە پەیوەندی سیاسەت و کۆمەڵگە دەگوازێتەوە بۆئەخلاقیات, ئەخلاقیاتێك کەدۆگمایترین لۆژیك دەباتەوە سەر رێگەی راست, پێچەوانەکەشی دەداتە بەر لۆمە و سەرزەنشت کەکۆمەڵکەی ناهۆشیار ناچار بەقەبوڵکردن بکات, سەرەنجام هەم ئاستی تەوەقعی خەڵك نزم دەکاتەوە, هەم کەڵەکە بوونی جیاوازیەکان لەژێر کاریگەری ژێرخان دوور دەخاتەوە, لەحاڵێکدا بایەخی تایبەتی سیاسەت, بەشێکی زۆری پەیوەندی ژێرخان بەسەر سەرخانەوە بەند کردووە, جۆری ژیانی تەواوی کۆمەڵگە دەستەبژێری سیاسی لەتەنیشت باقی هۆکارەکانی تر, ئەو پێداگیریەی خەڵکە کەلەژیانی رۆژانەدا باجەکەیان داوەتەوە, بەڵام وەختێك دەبینین ئەم حەشیمەت دەکەوێتە ژێر هەیمەنەی سەنترالیزم, بارودۆخەکە بەفۆڕمی جۆراو جۆر و نەریتە پیرۆزەکان بەلانس دەکات, بەو مانایەی گرنتی مانەوەیان بەفکری خۆیان پێناسە دەکات, بۆیە سەرنجی خەڵك بەلای دەسەڵاتدا دەشکێتەوە ..

تائێرە هەوڵم داوە گروپەکان دابەش بکەم, بۆئەوەی جیاوازی لەکوالیتی ئۆپۆزسیۆنەکان پیشان بدەم, بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی هەردوو گروپی ئۆپۆزسیۆنی, لەکوردستاندا وجودیان هەیە, حکومەت و دەسەڵاتی کوردی نەك هەر کەڵکی لێوەرگرتوون, بگرە زۆر کۆمەکی سیاسی و دیبلۆماسیشی بەخودی کارەکتەرەکان و چالاکیەکانیش کردووە..

گروپی یەکەم کاری لەسەر ئەوە کردووە کەحکومەت بتوانێ ریفۆڕم بکات, یان خەڵك باربێنێت لەسەر چاوەڕوانی کردن, یان هەمیشە هەوڵیداوە خەڵك دۆستی دەسەڵات بن و لێی نەڕەنجێن و درێژە بەوبارە بدەن, یاخود تورە بوونەکان هێور بکەنەوە بەئاراستەیەك کەزیان بەحکومەت نەگەیێنێ, رەنگە لەباری ئیدیۆلۆژیشەوە جیاوازیان لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتدار نەبێ, هەروەك چۆن حیزبە هاوپەیمانە کوردستانیەکان دەبینین چۆن سیاسەت دەکەن, یاخود چۆن هاوبەشی لەگوتاری نەتەوەیی دەکەن, هەیکەلی تەشکیلاتی و ئۆرگانەکانیان, باشترین سەلمێنەرن کەهیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ حیزبی بالادەستەکان نیە, هەڵبەت هەر قەبوڵ کردنی زاراوەی حیزبی بچوك و حیزبی گەورە کەلەفەرهەنگی سیاسیدا بوونی, دروست ئەو مانایەمان پێدەبەخشێت کەململانێی مان و نەمان دەکەن, بەڵام ئەم مان و نەمانە تەنها بۆ بەرز راگرتنی تەمەنی حیزبێکە و هیچی تر..

گروپی دووەمیش بەهۆی هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە و ئەو ئیدیۆلۆژیەی کەخۆی پێوە گرێداوە, نەیتوانیوە کەڵك لەناڕەزایەتی خەڵك وەربگرێ, یاخود لانی کەم بەئاراستەی مۆدێلی سیاسی نوێ دیبلۆماسیەت بکەن, یاخوود تەکتیکی سیاسیان بگۆڕن کەلەمەوبەر مەترسی بۆخۆی و حیزب و خەڵکیش دروست کردبوو, هەروەك پێشووتریش لەوتارێکدا ئاماژەم بەوەداوە کەئەم گروپە بەفکرێکی دۆگما کاریان کرد, بوو بەیەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی شکست هێنان, بەو مانایەی کەموبەڕیری بەرچاویان بەدەستەوەدا کەلاوازترین خاڵی سیاسی بوو, خاڵی لاوازتری ئەم گروپە کەمەبەست لەکۆمۆنیستەکانە, لەکاتێکدا وەڵامی شکستی بەناو بلۆکی سۆڤیەتی دایەوە, وەختێکی زۆر نالەبار بوو کەدونیای سیاسەت تەواوی ئاراستەکانی کۆمەڵگەی بەشەری گۆڕیبوو, تەواوی کونج و کەلەبەرەکانی ئاخنی بوو بەدژە گوتاری مارکسی, ئیدی ئەم شکستە سیاسیە, شکستی بەگوتاری نێو نەتەوەیش هێنا, تائەو جێگەیەی کەئەلتەرناتیڤە واقیعیەکانیشی خستە بەردەم پرسیاری بێ وەڵامەوە, سەرەنجام بەهەردوو گروپ زەمینەی ئەوەیان بۆدەسەڵات رەخساند کەلەو قەوارە کلاسیکیە رزگاری نەبێت, بەو مانایەی پشتی لێکردەوە, بۆیە کارێکی کرد کەبەخزمەتی خۆشی نەکەوتەوە و توشی جۆرەها قەیرانی کرد, بەڕادەیەك کەنەیتوانی دەزگا و کایەکانی تریش سیستماتیك بکات, نەیتوانی تەنانەت خۆشی قەناعەت بەو یاسایە بهێنێت کەکاری پێدەکات, نەیتوانی کار بۆ جێکەوتە بوونی دیموکراسی بکات کەشانازی پێوە دەکات, بەپێچەوانەوە وەکو حاڵەتێکی دەروونی, ترسی ئەو پرنسیپانەشی لێنیش کەسیستمی دیموکراسی قەبوڵیەتی, دەسەڵات دەبێ هەموو جیاوازیە فکریەکان قەبوڵ بکات, تائەو جێگەیەی دەبێ دوژمنی خۆشی قەبوڵ بکات, مەبەستم لەوەیە کەدەبێ رێگە بدات هەرچی گروپی سیاسی هەیە, مومارەسەی سیاسەت بکەن تادەگاتە سەر پرۆژەی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان و شارەوانی و سەندیکاکانیش, وەختێك دەبینین حیزبی دەسەڵاتداری ئێمە ئەم قەناعەتەی بۆ دروست نەبووە, ناشتوانێ پیاوانی پۆلیس و دەزگا ناوخۆییەکانی بەفۆرمێکی تەواو یاسایی باربهێنێ, هەرلەوەی کەدەبینین حیزبی دەسەڵات لەتەنگەژەکاندا, لەچ جۆرە سایکۆلۆژیایەکی سیاسی تایبەتدا دەژی, تاکو ئەو جێگایەی کەلەگەڵ ئۆرگانەکانی خۆیدا کەڵك لەپۆلیس و هیزی چەکداریش وەردەگرێ, تەنانەت لەبەرامبەر هەر شێوە جموجۆڵێکی سیاسی بێلایەن نیە کەئەمە کارێکی نایاساییە, چونکە پۆلیس و هیزی سەربازی دەبێ ئۆرگانی سەربەخۆ بن, ئەمەش کارێکی وەهای خولقاندووە کەپۆلیس و دەزگا ناوخۆییەکان و هیزی پێشمەرگە, ئەوەندەی پابەندی عورفە کۆمەڵایەتی و ترادیسیۆنە کلاسیکیەکانی حیزبی بن, ئەوەندە پابەندی یاسایەك نەبن کەئۆرگانەکانی لەسەر بونیادنراوە, سەرەنجام نەیتوانی نەخۆی و نەك خەڵك لەسەر یاسا بنچینەییەکان رابهێنێ, دواجار مافە مەدەنی و سیاسیەکانی بەبارێکدا خستووە, کەهەرچی بەها و پرنسیپەکانی دیموکراسی هەیە, لەبازاڕی سیاسەتدا وەك هەر کالایەکی تر بکەونە هەڕاجەوە, ئەم ئەلتەرناتیڤە هەم بۆ ئۆپۆزسیۆنی ریفۆرمخواز و هەم بۆدەسەڵات, بەلانسێکی وەرگرتووە و دروشمەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی, لەشوێنێکی تر و پێناسەیەکی تردا قووت کردۆتەوە, هەروەك خالید قشتینی دەڵێ" مۆدێلی سیاسی نوێ کارێکی وەهای کرد, لەبەرامبەر یەکسانی ئافرەتدا, لەشفرۆشی ئافرەتی لەبەرامبەر ماف و تازەترین مۆدێلی وەرزیدا راگرتووە, بۆ سیاسیەکانیش لەبری مومارەسە کردنی سیاسەت وەکو مافێکی مەدەنی بۆهەر تاکێك, کۆمەڵێك بەناو سیاسی خستۆتە نێو کایەکەوە, قەناعەت بەوە بهێنن نوێگەری لەنوێترین مۆدێلی سەیارە و گەندەڵیەکانی تردا بدۆزنەوە", ئەم فەزا سیاسیە ناتەندروستە, بەشێکی کەم لەو فاکتەرانەمان پێی ئاشنا دەکات کەنالۆژیکیەتی سیاسەت, چ ئاراستەیەکی وەرگرتووە و چ کاردانەوەیەکی نیگەتیڤی هەبووە, لەبارێکی تردا ئەفاکتەرانەبوون کەتوانیویانە پاشەکشە بەبزووتنەوەی ناڕەزایی کوردستان بکەن و خەڵك بەو ستایلە سیاسیە جێکەوتەیە رازی بن کەمەوجوودە..

## ئۆپۆزسیۆنی بەرخۆر و ئۆپۆزسیۆنی بەرسێبەر

ئۆپۆزسیۆنی بەرخۆر ئەو گروپەن کەلەسەر شەقامەکان نمایشی جەستەیی دەکەن, یاخود بەدوای ئەو دەنگانەوەن کەلەنێو دامودەزگا و کارخانەکانی دەوڵەتەوە بەرز دەبنەوە, خوێندنەوەی دەسەڵاتیش بۆئەم گروپە, خوێندنەوەیەکی شانۆیی سیاسیە, خوێندنەوەیەکە بۆئەو کائینانەی کەژیانیان لەگەڵ دروشمەکاندا چوون یەکن, ئەمە بۆدەسەڵات سایکۆلۆژیەکی دروست کردووە, نەدەتوانێ بینەری بێت, نەدەتوانێ رێگری بێت, بۆیە لەم تەنگژەیەدا بەناچار دەست بۆیاسا دەبات, هەڵبەت دانانی یاسایەك لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ رێپێوانی جەماوەری, لەو بینینە شانۆییە سیاسیەوە سەرچاوەی

گرتووه, چونکە دانانی یاسایەك بۆئەو میکانیزمە سیاسیە, دانانی چوارچێوەیەکی بەرتەسکی دیاری کراوە بۆ بزووتنەوەی راستەقینەی ناڕزایەتیەکان لەکوردستان, ئەو یاسایەی کەئێستا حکومەتی کوردی بیری لێدەکاتەوە, تاکە رێگەیەکی تەکنیکی هەڵبژێردراوە بۆ ئەم هەلومەرجەی ئێستا, چونکی ئەگەر تادوێنێ کەکوردستان لەوەزعیەتێکی سیاسی ناتەندروست و ناسروشتیدا ژیانی دەکرد, شەڕی ناوخۆ و یەکتر بوغزاندن هەبوو, بچوکترین دیاردەی ناڕزایەتی و هاتنە سەرجادە, بەئاگر و ئاسن وەڵام دەدرایەوە, یان بەرلەهەر شتێك تۆمەتێکی حازر بەدەست هەبوو بۆئەوانەی کەخۆپیشاندان یان ماندەگرتنیان ساز دەکرد, ئەویش تابوری پێنجەم و دەستی دەرەکی و دوژمنی ئەزموون و هتد بوو, بوختان نیە کەزۆربەی ئەو کەسانەی راپێچی زیندانیە نهێنیەکان دەکران, بەبێ ئەوەی کەسەرەتایترین لێکۆڵینەوەی یاساییان لەتەکدا بکرێت, ئیدی یان ئەشکەنجە دەدران یان راوەدوو دەنرا یان هیچ نەبێ نان براویان دەکردن, یان ناچاریان دەکردن کەکوردستان جێبهێڵن و بەرەو چارەنووسێکی نادیار سەر هەڵگرن, هەڵبەت لەپەنای ئەم رەوشەدا زۆر کەسیش بەو بیانووەوە کەیسی سیاسی دروست کردوو خۆی گەیاندە ئەو بەهەشتە وەهمیەی گوایە لەهەندەران هەیە, شەرعیەتێکی وەهای وەرگرتبوو کەحکومەتی حیزبی قەڵەمرەوی زیاتر بکات لەلایەك, نەبوونی چاودێریەکی دەرەکی و ناوەکی وەکو ئێستا بەسەر دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستانەوە لەلایەکی تر, ئەو هۆکارانە بوون کەسیستمێکی سیاسی بێ ئۆپۆزسیۆن بسازێنێ..

یەکەم: لەبەر ئەوەی ئەو کات هەر جوڵانەوەیەکی جەماوەری و سیاسی, لەشارێك کەیەکێك لەحیزبەکان دەیانبردە رێوە, راستەوخۆ تۆمەتی دەستی حیزبەکەی تریان دەدایە پاڵی, بۆیە سەرکەوتنی مەحال بوو.

دووەم: لەبەر ئەوەی ریژیمی بەعس هێشتا هەڕەشە بوو بۆ سەر خەڵکی کوردستان, بۆیە سیاسیەکان لەئەلتەرناتیڤێکی تەندروست دەگەڕان و خەڵکیش هاوکار نەبوو, نەبوونی ئەلتەرناتیڤی کوردیش جێگەی مەترسی بوو.

سێهەم: لەبەر ئەوەی وەکو ئێستا هەلومەرجی سیاسی و هاوکێشەکان, ئەزموونی کوردیان نەختسبۆ ژێر تاقیکردنەوەی دیموکراسی و مەترسیەکانی تر ..

ئەو هەلومەرجە رەخساوەی کەپێشووتر حیزبی کوردی کەڵکی لێوەرگرت, قەناعەتی تەواوی بۆدەسەڵات دروست کردبوو, وەختێك کەئەگەر ئارەزووی هەبوویێت و زانیبێتی بەمەنفەعەتی خۆی دەسوڕێ, بەتایبەت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کەمەترسی دەخستە سەر قەوارەی حیزبی, لەرێگای ئۆرگانە حیزبیەکانی خۆیەوە خەڵکی هەڵخراندۆتە سەرجادە, گوایە ئەوە بەشێکە لەئەدائی سیاسی, لەچوارچێوەی سیستمی دیموکراسی و ئازادی رادەربڕینی پیادە کردووە, ئەم وەهمە لەلای کەسانێکی بەناو رۆشنبیر و سیاسیش, کەلەگروپی ئۆپۆزسیۆنی پۆزەتیڤ پێکهاتبوو, واقیعیەتێکی سیاسی و لۆژیکی وەرگرتبوو, واقیعیەتێك کەخەڵکی عەوامیش قەناعەتی پێ هێنابوو,..

## ئەوی تر و ئەوی حیزب

رۆبێرت مێخلێز کتێبێکی بەناوی ( حیزبە سیاسیەکان) لەساڵی 1911 نوسیووە, باس لەوە دەکات کەئەو وەختە ئیدیۆلۆژیا بەلای سوسیالیزمدا دەشکایەوە, ستراتیژێك کەئەم حیزبانە هەیانبوو تائەو جێگەیە بڕی دەکرد کەقەناعەتی بۆخەڵك دروست دەکرد, لەوەبەدواوە تاقمێکی کەم لەدەستەبژێر دەخەوتن بەسەر تەواوی دەستکەوتەکاندا, بەو دەستکەوتانەشەوە کەبەرواڵەت مەعنەوی بوون, دواتر حیزب دەبوو بەدەقێکی لەبیر کراو, بەجێگەی ئیدیۆلۆژیا سەرکردەکان دەبوون بەکارکەتەری موقەدەس, وەك ئەوەی حیزب شتومەکی سەرۆکەکان بن, مێخلێز نمونەی حیزبەکانی ساڵانی 1863 تا 1875 دێنێتەوە, لەوانەش لەئەڵمانیا لاساڵەکان کەبەناوی پێر لاساڵەوە هاتبوو, لەفەڕەنسا سۆسیالیستەکان و گیدستەکان, بەناوی ژۆل گید ناوی دەهات, ژوریستەکانیش بەناوی ژان ژوورسەوە دەهات, ئەم نومەنانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەکوردستان باشتر دەبینرێ, هەرئەوەی کەپارتی دیموکراتی کوردستان, بەحیزبەکەی بارزانی زیاتر ناسراوە, یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بەحیزبەکەی تاڵەبانی, سۆسالیست بەناوی حەمەی حاجی مەحمود, زەحمەتکێشان بەناوی قادر عەزیز, خۆ ئەگەر نمونەی پەکەکەش وەربگرین کەکەمێك جیاوازتر لەتەشکیلاتی حیزبی دەبینرێت, دواجار کەناوی سیمبول و کارێزمایەکی وەکو ( عەبدوڵلا ئۆجەلان ) دێت, ئیدی ئەوەندە کاریزمایی زاڵ دەبێت, هەموو جیاوازیەکان دەکوژێ و لەسەرۆکدا کۆ دەبێتەوە, ئیدی ئەم کۆنترۆڵ و بنەماڵە چێتیەی نێو حیزب, بەرادەیەك ناوی حیزبەکەی شاردۆتەوە و ئیدیۆلۆژیای داپۆشیوە, کەسیمبول و کاریزما جێگەی ناوی حیزبی گرتۆتەوە, بەبێ ئەوەی جەماوەر و ئۆتۆریتەی حیزبەکە

بیر لەخودی ئەو ئیدۆلۆژیە بکەنەوە کەقەرارە ئینتیمایان بۆی هەیە, یان جیاوازیەکانیان لەتیۆری حیزبیدا بدۆزنەوە, تەنانەت بەوکەسانەشەوە کەدەستەبژێرن و مەکتەبی سیاسی دەبەنە ڕێوە, ئەم ڕێوڕەسمە بۆماوەیەی کەبۆتە مۆدێلی حیزب, نەك هەر گروپەکان بەتەنها, یاخود تاکە ئاساییەکانی نێو ئۆرگانەکانی حیزب, بەڵکو ئەوانەش کەدەستەبژێرن و بەناو سیاسەت دەکەن لەنێو حیزبدا, ناویان مەحو دەبێت لەباشترین حاڵەتیشدا ئەگەر ناویان بێت لەپەراوێزدایە, ئەمە بەشێکی کوشتنی ئەوی تری حیزبیە کەئەگەر ڕازی بێت پێی یان بەپێچەوانەوە, نمونەی ئەو کەسانەش کەئەگەر جیاوازی ئیدیۆلۆژیشیان نەبێت, جیاوازی تەکتیکی ڕۆژانەی حیزبیان هەیە, بەڵام ناتوانن ئەوی تری حیزبی بێت کەمافی تاکی حیزبیە بەپێی پرنسیپی حیزبی کەدەرکەوتەیەکی مۆدێرنەیە و شانازی پێوەدەکرێ...

هەڵبەت کەدەڵێین ئەوی تر, یەعنی کەسێك یان ئەوەتا حیزبی نیە و بەو ئیدیۆلۆژیە ڕازی نیە کەحیزب هەیەتی, یان ئەوەتا هیچ نەبێ بەو ئاڕاستەیە ڕازی نیە کەحیزب بەناوی دیموکراسیەتەوە دەیخاتە نێو سیناریۆیەکی داڕێژراو, لەم کەین و بەینەدا ڕوبەڕێك بۆئەوی تری ناڕازی نامێنێتەوە, ئەگەر حیزبیش بێت, چونکە ئەوکارکتەرەی کەئەگەر لەنێو حیزبیشدا ڕازی بێت بەستایلی حیزبیەت, مانای ئەوە نیە کەلەنێو ئۆرگانەکاندا بەو شێوازی کارکردنە ڕازی بێت, نموەنەش ئەو هەڵبژاردنانەیە کەلەسەندیکاکاندا, لەژێر ناوی دیموکراسیەتدا لیستی هەڵبژێردراوی پێشتەوەختە هەیە و بەتەوافووق دەکرێ, ئەم ستایلەی کەبەتایبەت هەردوو حیزبی باڵادەست دەستیان داوەتێ, بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێن, یان لەگەڵمدا دەبن و ڕازی بن بەو تەکتیکە سیاسیەی حیزب, یان ئەوەتا مەحرومن لەهەموو ئەو مافانەی کەهەتانە, تەنانەت هەندێ جار مەحرومیەت دەگاتە ڕادەی مەحروم بوون لەهاوڵاتی بوون, لەکاتێکدا مافی هەڵبژاردن و خۆ هەڵبژاردن, سەرەتایترین مافی دیموکراسیە کەپارتی و یەکێتی بەخەڵکی ڕەوا نابینن, ئەو حیزبانەش کەلەپاشکۆی هەردوو حیزبی باڵادەستن, ناویان لەنێو لیستی پارلەمان و سەندیکاکان و وەزارەتەکاندا دێت, شێوازێکی تری چون یەکی وەك پارتی و یەکێتین بۆخواردنی مافی کەسانی بێلایەن, ڕەنگە کەسانێك هەبن تائێستا بەو عەقڵە بیربکەنەوە گوایە کەسی بێلایەن نیە, ئەو ڕاستیەیە کەخەڵك بێدەنگی هەڵبژاردووە بەرامبەر ئەو ڕەوشە, بەڵام ئەم بێندەگیە لەشوێنێکی تردا جێگەی گرتووە, ئەویش قەبوڵ کردنی جەنگێکی سارده لەنێوان یەکێتی و پارتی, لەبەرامبەر جەنگێك کەخوێنی تێدا دەڕێژرێت, بۆیە هەرچۆنێك بێت خراپێکیان پێباشترە لەخراپتر, ئەمە قسەی بەشێکی زۆری یاسایی و ڕۆژنامەنووس و دکتۆر و تەنانەت کرێکارانیشە, ئەزموون کردنی ژیانی سیاسی لەگەڵ هەردوو پارتە سەرەکیەکە ئەم ڕاستیەی سەلماندووە, هەڵبەت پارتی و یەکێتیش ئەم میکانیزمەیان لەخۆڕا هەڵنەبژاردووە, ئەگەر خوێندنەوەیان بۆ واقیعی سیاسی و سایکۆلۆژیا و کولتوری کوردستان نەکردبێت, ئەگەر نا ئەو تەوافوقەی کەبۆتە مۆدێلێك لەهەر دابەش کردنێکدا سوورن لەسەری, پێچەوانەکەی ڕاست دەردەچوو, بەڵام ترسی ئەوانی تر, ئەم ستایلەی بەبارێکی تردا دەبرد..

## گوتاری ڕۆمانسی حیزبی لەپەراوێزی گوتاری نەتەوەیی

هەموو دەسەڵاتێك گوتاری ڕۆمانسیانەی نیشتیمانی تایبەت بەخۆی هەیە, دەسەڵاتی کوردیش بەکەڵك وەرگرتن لەنوستالیژیای سیاسی خۆی کەلەشۆڕشی شاخ پێکهاتبوو, لەمەش واوەتر کەڵك وەرگرتن لەو خەڵکەی کەبەگشتی بەشداریان لەوشۆڕشانەدا کردبوو, لەپەنا ئەمەشدا بەکەڵك وەرگرتن لەگوتاری ڕۆمانسیانە کەلەستەمی نەتەوایەتیەوە سەرچاوەی گرتبوو, شەرعیەتێکی تەواوی بەو هەلومەرجەدا کەئۆپۆزسیۆن دروست نەبێت و حیزب و سیمبولەکانی حیزبی پیرۆز ڕابگیرێ, بەبەهانەی ئەوەی کورد هێشتا لەقۆناغی ڕزگاری نیشتیمانیدایە, ئەم گوتارە سۆزی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و پایەی حیزبە باڵادەستەکانی قایمتر کرد, هەر حیزب و گروپێکی تر کەهەڵگری هەمان شێوە لەگوتار بوو, بەعینوانی جۆرێکی تر لەدیموکراسیەت لەدەرەوەی دەسەڵات, هەمان ستایلی تەشکیلات و هەمان هەڕەمی حیزبی پیادە کرد کەهەر خۆیان ڕەخنەگری بوون, هەمان مامەڵەی سیاسی لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکاندا کرد, دیسان بەعینوانی ئەوەی دژی بەرەی شەڕخوازن, لەحاڵێکدا کێشە ناوخۆییەکان نەك هەر ڕێگەی لەپیادە کردنی سیستەمی دیموکراسی گرتبوو, بەڵکو دیمەنە سیاسیی و ئیداریەکانی وەها ناشرین کردبوو کەجێگەیەکی بۆڕۆمانسیەتی نەتەوەیی نەهێشتبۆوە, تەنانەت بۆ ئەو حیزبانەش کەلەحیزبە دەسەڵاتدارەکان کەمتر خەتاکە شانی دەگرتنەوە, هەر لەوەی کەجوگرافیای دابەشی سەر دوو جەمسەر کردبوو, تادەگاتە سەر دابەش کردنی گروپە کۆمەڵایەتیەکان و سەندیکاکان, بەمەش دیسان کەڵك لەناهۆشیاری سیاسی کۆمەڵگەی

کوردی وەرگیرا لەلایەك, هاوکێشە سیاسیەکانیش باشترین کۆمەك بوون, بۆئەوەی بنکەی جەماوەری گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان بەهێز نەبن لەلایەکی تر, ئەمە جگەلەوەی کەقودرەتی ئابوری لەچنگ حیزبە دەسەڵاتدارەکان بوون, قودرەتێك کەفلتەری بۆهەموو هەموو بیرکردنەوەیەك و هەر جموجۆڵێکی سیاسی و جەماوەری دانابوو, ئیدی حیزب نەك هەر پیرۆز راگیرا و گەشەی کرد, بەڵکو هەموو کایەکانیشی کۆنترۆڵ کرد, سەرەنجام ئەو رەوشە سیاسیەی لێکەوتەوە کەئێستا دیمەنەکانی بەچاو دەبینرێ..

تائێرە ئەوەی قسەم تێدا کردووە باری ناتەندروستی فەزای سیاسیە لەکوردستان, کەئۆپۆزسیۆنی وەك شتێکی مەترسیدار قەدەغە کردووە, بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئەم دەسەڵاتە حیزبیەی کوردستان لەسەر کۆمەڵێك چەمکی سیاسی کاردەکات و ئیدیعای بۆدەکات, ئیدی هەر لەعەلمانیەت و دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنیەوە بگرە تادەگاتە مافی تاك, لەحاڵێکدا هەر یەك لەوچەمکانە پەراوێزی زیاتری هەیە و سورِی ژیانی خۆیان نەبینیووە, بۆنمونە هیچ حیزبێك بۆی نیە ئیدعای سیاسەت بکات و شەرعیەت بەدەسەڵاتی خۆی بدات, ئەگەر لەگەڵ پێناسەی تەواوی عەلمانیەتدا نەبێ, ئەگەر لەگەڵ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نەبێ, ئەگەر لەگەڵ ئازادیەك نەبێ بۆگروپەکانی کۆمەڵگە, ئەگەر لەگەڵ مافە مەدەنیەکان نەبێ, ئەگەر لەگەڵ ئازادی سیاسی نەبێ, ئەگەر لەگەڵ تەواوی پرنسیپەکانی دیموکراسی نەبێ..

ئەم خەفەقان کردن و کۆنترۆڵ کردنەی تەواوی کایەکانی کۆمەڵگە, خەفەقان و ئیشکالیەتی تری سیاسی لێدەکەوێتەوە, باشتر بڵێم بەقەدەغە کردنی بزووتنەوەی سیاسی سابەهەر بیانوویەکەوە بێت, دوور نیە بیری توندڕەوی سیاسی لێبکەوێتەوە, هەرلەوەی ئێستا بەشێوەیەکی نهێنی لەرێگای رۆژنامەکانەوە بڵاودەکرێنەوە, هەوڵی جدی هەیە بۆدروست کردنی گروپی چەپ و ناسیونالیستی ئۆپۆزسیۆنی, لەحاڵێکدا گروپی ئۆپۆزسۆنی هیچ مەترسیەك ناخولقێنی بۆدەسەڵات, بەپێچەوانەوە حکومەتی بێ ئۆپۆزسیۆن سیمای دەسەڵات ناشرین دەکات و خەفەقان دروست دەکات, ئەگەر نا ئەو جۆرە یاخیبوونەی کەبەنووسین دەردەبڕێت و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەبێتەوە, بارێکی ناهەمواری خراپتر دەخولقێنێ لەوەی کەئێستا هەیە, رەنگە بەهۆی پەنگ خواردنی تورەبوونەکانیانەوە, کاریگەری خراپتر دروست بکات لەسەر دەروونی خەڵك, یاخود ئەو کەمە برِوایەش کەبەدەسەڵاتی خۆماڵی هەیە, لەرووی رۆمانسیانەی نەتەوەییەوە لاوازتر بێت, لاواز بوونی برِواش لەلای خەڵك بەرامبەر بەدەسەڵات و حکومەت, لاواز بوونی کیانی سیاسیە و نەیارانی ئەم دەسەڵاتە کەڵکی لێوەردەگرن..